## چیرۆکەکانی لەتیف حامید

# رۆژژمێری خەواڵوویەکی شاری سەلجووقی

١-٢

روونکردنەوەیەک:
لەم شارە کە تێیدا دائەنیشم ماوەیەک لەمەوپێش بە پۆستە سێ نامەم بەناوونیشانی سەرەوە پێ گەیشت بە بێ ئیمزا.
ئەوەی جێی سەرسورمانمە کە نازانم لە ناو ئەم هەموو خەڵکەدا بۆچی منی هەڵبژاردووە؟ یان بۆ چ مەبەستێک نامەکانیم بۆ ئەنێرێ؟ زۆرتر بە لای ئەوەدا ئەڕۆم کە ئەبێ شتێکی لە مندا دیبێت شایستەی متمانەی بم.
منیش نامەکان وەکو چۆن پێم گەیشتوون ئاوها بڵاویان ئەکەمەوە بە ئومێدی ئەوەی خوێنەرێکی ژیر ئەم نهێنییەم بۆ یەکالا بکاتەوە و لەگەڵما بکەوێتە سۆراخی زیندانی ژمارە (١٢) کە مەترسییەکی زۆرم هەیە لووشی کردبێت وەکو خۆی لە دوا نامەیەدا سووچێکی ئەم راستییەی دەرخستووە.
لەتیف حامید
١-٩- ١٩٧١

پێ ناسین:

من هاوولاتییەکی شاری سەلجووقم ناسنامەکەم ئەم شارەی پێوەیە خۆشەویستی خاکەکەی نەخشەیەکی توورەی بۆ هەنگاوەکانم کێشاوە.

گڵپەی ئاگرەکەی لە پەرەی تەمەنمەوە ئالاوە، رەنگە هەڵقرچاوەکەی ئاوازێکی تراژیدی بەخشیوە بە گۆرانییەکانم.

من هاوولاتییەکی شاری سەلجووقم هەست بەوە ناکەم کە شتێکی جیاوازم لە خەڵکەکەی.. شێوەی هەڵبزرکاویان کرووزە ئەخاتە دڵمەوە، کەچی ئەوان من ناناسنەوە، راستیی منیان لێ شاراوەتەوە بە زۆرەملێی خۆم نەبێ داڵدەی شەوێکم نادەن.

من هاوولاتییەکی شاری سەلجووقم. ئاواتەکانم هەڵئەچن و دائەمرکێنەوە، وەک چەپکە پەنجەیەکی ناو مۆمی کولاو ئەتوێمەوە، بە درێژاییی زستان بەهار هەڵئەهێنمەوە لە سامناکی رووداوەکاندا، لە شەختەی کوانووەکاندا بۆ ئاپۆرەوانێک ئەگەرێم شەو بووشێتە مشتەکۆڵەیەوە وەنەوز لە دوو ملیۆن چاو بماڵێ خۆری گیراو بژیەنێتەوە.

من خەواڵوویەکی شاری سەلجووقم خەوەکانم بێ سەروبن، هەریەکەیان سەدەیەک ئەخایەنێ، من تەنیا خەوێکتان بۆ ئەگێرمەوە، سەرتان سور نەمێنێ، من لەخۆمەوە لاف لێ نادەم ئەوەی شارەزاییەکی لە مێژوو و زمانەوانی هەبێ، ئەزانێ وشەی سەلجووق واتای "خەوێکی قورس" ئەبەخشێ.

– فەرهەنگی مێژوویی – لاپەرە ٦٢، ٦٣، ٦٤ چاپی ساڵی ١٩٢٠.

سێ شەمە ٣– ٨– ١٩٧١:

دوێنێ بۆ یەکەم جار پاش گۆشەگیرییەکی نۆ مانگی لە ماڵ هاتمە دەرەوە. چاوم رەشکەوپێشکەی ئەکرد، رەنگی خۆر لە قورێکی شیندا گەوزا بوو. شەقامەکان وەکو مار پێچاوپێچ تێمەوە ئالابوون، پۆل پۆل جاڵجاڵۆکەی دیمی بە کۆڵەکاندا هەڵئەگژان.

لە بەردەم نامەخانەیەکدا وچانم گرت چاوم نووقان، دەمیان ژەنییە لاکم، وایان ئەزانی مردووم، هەناسکە هەناسکیان بە خۆیان خست، هەنگاوێکم هەڵهێنایەوە، هەندێکیانم پلیشاندەوە، ئەوانی تر کشانەوە بۆ کونەکانیان دەستیان کردەوە دارستن.

بۆ جاری سێیەم بانگەوازێکی کەرخ شارەکەی لەراندەوە بنی گۆمەکەی شڵەقان "ئەوەی ئەیەوێ بە تۆزی خۆیەوە بمێنێ بە زووترین کات ئەم شارە بەجێ بهێڵێ.. ئەمشەو شار تووشی مەترسییەکی قورس ئەبێت" بۆنی نەوتی سووتاو تاوی بۆ هێنام، لەسەر شۆستەکە

چوارمشقی دانیشتم باڵیان راتەکاندم، خۆم بە زەوییەکەوە نووسان ددانە ریچێم پێ کەوت لەشم هاتە لەرزین دوێنێ و ئەمڕۆم لە وشەیەکدا کۆکردەوە.

سووریم بە روویاندا، وێنەی چەند پیتێکی ئاگرین روویانی رنی. خۆیان لێم راپسکان.

پیاوێکی گەنمڕەنگ قسەکانی بە گوێچکەیاندا "رێگەیەکی تری لەگەڵا ئەگرین.. با جارێ ئاشتی کەینەوە" دامرکانەوە قاقای پێکەنینیان بەرزەوەبوو رووم لێیان وەرچەرخان بە دەم بینی لەرزەوە دەستم کردە قرتاندنی رۆژنامەکەی دەستم. پێکەنین و دووکەڵ و خەم و نەوت و چەند وشەیەکی مردوو بوونە پێخۆری ئەو رۆژەم.

پێنج شەمە ١٢- ٨- ١٩٧١

ئەمڕۆ خۆم کرد بە چایخانەیەکدا، لەسەر تەختێک خۆم راکشاند: کە چاوم چووە خەو دوو یاساوڵ لە بەردەممدا چەقین، یەکێکیانم ئەناسییەوە، خەڵکی یەک گەڕەک بووین: ئەویان تێمی خوری ئەو بۆی سەندەوە، ئەمیان تێمی خوری ئەو بۆی سەندەوە، دامیانە پێش خۆیان.

لەبەر دەرگا چەند یاساوڵێکی خوێن سارد چەمۆڵەیان دادابوو، چاویان بڕیبووە ئۆتۆمبیلەکانی سەر شەقامەکەی بەردەمیانەوە، مێشکی خۆیان بە سازێکی خۆشتر لە جاران زاخاو ئەدا، هەڵئەسان و دائەنیشتنەوە، لاپەڕەی ئەمان یەک دێڕێکی کرژی تێدا نووسرا بوو:

ئەمڕۆ وەک دوێنێ، دوێنێ وەک ئەمڕۆ ئەوانی تر خۆیان خزانبووە ژوورەوە، رەنگیان لە روو بڕابوو، گەرما و سەرمای خوار و ژوور هەڵیانی هەنجادبوو، خۆیان لە رابردوو رائەپسکان، بە پەرۆشەوە باوەشیان بەم ئێوارە وەختەدا کردبوو.

سەر سپییەکیان مێزێکی داگیر کردبوو، سەری بەسەر کاغەزەکانی بەردەمیدا شۆڕ کردبووەوە. جارجار بۆڵەبۆڵێکی لێوە ئەهات، ئەوانەی دەوری پەنجەکانیان بە نەرمی ئەتەقان، چەند بەڵێیەکی وشکیان لە دەم بەرئەبووەوە پشتا و پشت ئەچوونە دواوە.

کە پشوویەکی ئەدایە خۆی جگەرەیەکی لێ دائەگیرسان ناوقەدی خۆی شل ئەکردەوە تاکو لە چەکە دووکەڵی جگەرەکێشاندا باشتر هەناسەی پێ بدرێت.

- گەورەم ئەمە ئەو یاخییەیە سەرپێچی فەرمانەکانی بەرێزتانی ئەکرد، نۆ رۆژ لەمەو پێش شاری لێمان هاوردبووە کوڵ.

- چەند جار ناردمان بە دواتدا بۆچی نەهاتی؟

- گەورەم لەوانەیە لاڵ بێت.. بە درێژاییی رێگا دەمی هەڵنەهێناوەتەوە.

کات هەتا ئەهات تیژ تێپەڕ بەجێیانی ئەهێشت، قەدبڕی ئێوارە وەختەکەی ئەکرد ورتەورت لە پەرەسەندندا بوو، دووکەڵ ژوورەکەی قانگ دا، ریزێک چای دابەش کرا، ئەوانەی بەر دەرگا هیچیان پێ نەبرا، دەروازەی دەرگا گەورەکە هاتەوە یەک، خۆیان کوتایە ژوورەوە، تفیان بە رووی یەکتر دا، تا رۆژی کردنیان ئەوەندە ستەم نەبووە.. ریزێکی کە چای دابەش کرایەوە زڕەی پیاڵە ورتەورتەکەی رەواندەوە، پێکەنینێکی ژەنگاوی تێکەڵاوی زڕەی پیاڵەکان بوو.

– فرێی دەنە زیندانی ژمارە (١٢)وە تاوەکو لەوێ دێتە زوبان. پەردەکانیان دادایەوە، خەوی شیرین رژابووە چاویانەوە، ژەکی نیکۆتین زوبانیانی خستبووە کێلانێکی ئەستوورەوە خوا خوایان بوو هەر شەو بێت، هەر نەبێ شەو مۆڵەتی ئەوەیان ئەداتێ کە بیرێک لە رابوردوو بکەنەوە. لە تاریکیدا رووبەڕووی خۆیان ببنەوە.

چوارشەممە ١٨– ٨– ١٩٧١:

ئەوەی رۆژێک لەم شارەدا ژیابێت شتێک دەربارەی زیندانی ژمارە (١٢) ئەزانێ. وەنەبێ شوێنێکی تەنگەبەر و تاریک بێت، بەڵکو رووبەرێکی بەرین و فراوانی هەیە رووکەشەکەی زۆر پەسەند و دڵگیرە، بەڵام من لە قووڵاییی دڵمدا هەست ئەکەم کە ئەم کارە بێ مەڵامەت نییە لەم ماوە کەمەدا بۆم ساغ بووەتەوە کە زیندانەکە تێکڕا مردنێکی لەسەرخۆ ئێق ئەکاتەوە.

دیوارەکانی وێنەی هەمەڕەنگی لەسەر هەڵکەنراوە. هەندێکیان تاوەکو ئێستاش هەر ئەبریقێنەوە، هەندێکیشیان بە عاستەم ئەناسرێنەوە دەستی رۆژگار شێواندوویانیەتی.

لەسەر دیوارەکەی لای راستەوە وێنەی دوو سەربازی چەکداری بەدی ئەکرێ، کە بە مەزەندەی من ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە "باب العالی" حوکمڕانی ئەکرد. ئەوەی مایەی بەرزی هونەرمەندەکەیە وێنەکان بە چەند جۆرێک ئەبینرێن.

ئەوەی لەلای دەرگاکەوە سەیریان کات وا ئەزانێ بۆ یەکتر پێ ئەکەنن، بەڵام کاتێک کە لێیان نزیک ئەبێتەوە ئەبینێ ددانیان گڕ کردووەتەوە.

هاوڕێکانم وەکو من لە شت ورد نابنەوە هەست بە شپرزەیی ناکەن، وا خراوەتە دڵیانەوە کە شوێن لەمە خۆشتر نابێت. رۆژ نییە بەزم و سەما نەگێڕن. هەر جارەی یەکێک لە یاساوڵەکان خۆی ئەکا بە ژووردا و سەرچۆپییان بۆ ئەگرێ. کە سارد ئەبنەوە ئارەقی رەش لە ناوچەوانیانەوە ئەتکێتە سەر پێڵاوەکانیان.

لە کاتی پێویستدا یاساوڵەکەمان دەلاقەیەک لە بنی زیندانەکەوە ئەکاتەوە.. بایەکی

فێنکی لێوە دێت، بایەکە هەتا بێت گەرم ئەبێت، بۆن و بەرامـێکی جەرگبڕ زیندانەکە پڕ ئەکات:

واقمـان وڕئەمێنـێ، چاومـان دەرئەپۆقێ، هەناسـەمـان سـوار ئـەبێ، زوبانمان وەک پەلاس وشک ئەبێ خەوێکی قورس ئەڕژێتە چاومانەوە.

ئەمـڕۆ سـەر لە ئێـوارە سـەرسـپـیـیـەکـە هاتە ژوورەوە، سـەرنجـێکی هەمـوومـانی دا بە سـووچێکی چاوی چەپی منی جـیـا کـردەوە، دەسـتی کـردە ناو خـوێندنـەوە، ئەوەی ناوی ئەخوێندراوە، بەرزەپێ هەڵئەسا لیستەکە تەواو بوو، ئەگەرچی ناوی من بەسەر زوبانیدا نەهات، بەڵام لە تیلی چاویدا بڕیارێکی گەلێ نارەوا و نالەبارم خوێندەوە.

منی لە سووچێکدا توند کرد و ئەوانی تری ریز کرد، یەکە یەکە بە دوو لایدا بە رێیانی خست تەنیا یەکێکم لەگەڵدا مایەوە، ئەویش هەر خۆی دوا ئەخست، چاوەڕوانی قسەیەکی من بوو. کە رووم تێ کرد خەمێکی دژوار و بە جەرگ گلێنەکانی رشتبوو. لۆچی ناوچەوانی وەک هەردەی دەوری شارەکەم ئاوسی زێڕێکی سووتێنەر بوو.

پێم وت: دوێنێمان پڕ لە خەو بوو.

وتی: خەوبینین بەشێکە لە ئاواتەکانمان.

وتم: لە بیرتە ئەو رۆژەی دوو بە دوو یاریمان ئەکرد.

وتی: وا ئەزانم ئەمڕۆیە.

وتی: کش سەرباز.

وتم: ئەسپەکەم سەرکێشە.

وتی: کش قەلا.

وتم شالیارەکەم جێ لەق مەکە.

وتی: کش پاشا.

وتم: بردتەوە.

دەستیم گوشی و پێم وت " ئەم یارییەش بەرەوە پێیان بڵێ پێی خۆیان داگرن.. نەخشەی شـاری سـەلجـووق ئەدۆڕێن. کێ ئەڵێ من خـەواڵووم؟ فـەرهەنگەکـان پڕن لە هەڵەی زمانەوانی!"

# بەشێک لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە

وتیان شارەکەمان ئاوێنەیە.

وتم: هەرکەس بە جۆرێک خۆی تێدا ئەبینێ.

وتیان: پاشا هەنگاوەکانی سەنگینە.

وتم: سەرگوزشتەکەیم لە داستانەکەدا بیستووە.

وتیان: چاوی زۆر بڕ ئەکات.

وتم: بەر پێی خۆی نابینێ.

وتیان: جەنگاوەرە.

وتم: جەنگاوەرێکی بەزیوە.

وتیان: دڕ بەم هەورە ئەدات.

وتم: بەر برووسکەکەی ئەکەوێت.

وتیان: بەهار نزیکە.

وتم: دوورە.

١

ئەو داستانەی کە نەنکم چێژی هۆشمی پێ دابوو، وەکو زالوو چەپکی رۆشنایی لە هەستیم ئەچنی. داوی جاڵجاڵۆکە دڕەکانی پێم پف ئەدا تا ئەبووە رستێکی ئەستوور و لە گەردنمەوە ئەئالا.

داستانەکەتان بۆ ناگێڕمەوە، چونکە تاوەکو ئیستە هەمووتان لە سوێرایی رووداوەکانیان بە دوای وێنەی خۆتاندا ئەگەڕێن، بە وێنەی پاڵەوانەکانی هەڕەشە لە تیشکی خۆر ئەکەن.

**تێبینی:** ئەو کاتەی ئەم قسەیەم کرد سەپانەکانی دێ تازە دەمی داسەکانیان لە ئەستێ ئەسوی. ئیتر نازانم لەم قسەیە رێکتر هەبوو بیکەم، یان نا؟

چەند رۆژێک بوو رێگام دابووەبەر، وێڵی دوای ئەو رێبوارە بووم کە نێزە ئەماڵێ بە سینگی ئەو کەسانەدا کە پشتاوپشت هەنگاو ئەنێن.

منداڵەکانی دێیەکەی سەر رێمان لە ژێر تیشکی مانگەشەوی هاویندا کۆڕیان بەستبوو بە یەک دەنگ هاواریان ئەکرد.

"خەنجەر کاکەم دوو دەمە"

ویستم قسەیەکی لەمە خۆشتر بخەمە سەر زاریان، بەڵام وتم بۆ من ناشێ  لە ئێستاوە شارە زەردەواڵە بورووژێنم لە توانامدا نییە پڕ بە دڵی خۆم بەستەیەک بڵێم. دەنگی ئەمانە لە من زولاڵترە، کە لە شار گەڕامەوە جارێکی تر گوێیان لێ رائەگرم.

مزگەوتەکەی ئەوپەڕی دێ باوەشی بۆمان گرتبووەوە، نەمئەتوانی لە کاروان داببڕێم، لە راو گەڕاونەتەوە، ماندوویێتی خۆی لە چاویاندا راکشاندووە وێنەکانیانم تێدا دی، کە وەک شێرەکوللەی لاق شکاو چۆکیان دادابوو، بە تەمای راستبوونەوە نەبوون، سڵەمیمەوە، بە گورجی خۆم لە ریزەکەیان کشانەوە.

**تێبینی:**

لە داستانەکەدا پاڵەوانەکان هەموویان وچانیان ئەگرت، لە ژێر سێبەری درەختێکدا خەوێکی خۆشیان لێ ئەکەوت، کە چاویان ئەکردەوە. خۆیان لە بەهەشتێکی خۆشدا ئەبینی.

ئەمە دوا قۆناخمان نەبوو، بۆ سبەینێ رژاینە شارەوە، پەردەیەکی کە هەڵدرایەوە سەر شانۆ ئێستا چۆڵ بوو،

دانیشتووان رەشەبای چەپڵەیان هەڵساندبوو.

خەوی ژێر سووره چناری چەماوە رۆژێکی لە تەمەنمان کەل کرد، بەمەوە ئەکاتە دوو، چابوو هەندێکمان زوو خەبەرمان بووەوە، کاری "قەیتەر زەرج" راست بێ ئەو ئێمەی لە بیر نەکردبوو.

**تێبینی:** "قەیتەر زەرج"، یان "قەیسەر زەرج" ناوی یەکێک لە فریشتەکانی سەر شانمانە هەر کەسێک پێش خەوتنی سێ جار بڵێت "قەیتەر زەرج زوو خەبەرم بکەرەوە" لە کاتی پێویستدا بە ئاگای ئەهێنێ.

لەو بڕوایەشدام کە هەندێک لە خەو قورسەکان تاوەکو ئێستا بەمەیان نەزانیوە لەمەودوا کەڵکی لێ وەرئەگرن. تەکانم دایە خۆم.

٢

بۆ هەر لایەک ئەڕوانم لافیتەیەکی دێز چەمۆڵەم لێ ئەنێ، یاساوڵێکی گەوج ددانم لێ ئەسوێ، چەکمە لە پێیەکی دڕ پێم پێ ئەکەنێ، بۆنکرووز کاسمی کردووە، کەس ناتوانێ کڕیار و فرۆشیار لە یەک بکاتەوە، ئەوەندە ئەزانم چەمەکەی ئەودیو شار لە هاویندا دێتە وشکی، ئەبێتە کولانەی گورگ و چەقەڵ.

لە ناو غەڵبەغەڵبێکی خەستدا دەنگی هاوڕێکانم لێ ون بوو، چاوم پەڕییە پشتی سەرم،

ئەوانەی بەرەو رووم دێن لیک لە دەمیانەوە رێ ئەکات، چاوە داقڵیشاوەکانیان، وەکو کوورە داگیرساوە "نەنکم ئەیوت سوارەکانی شا کە هاتنە کەرکووکەوە، چاویان داقڵیشابوو، دەمیان بە کەف سواق درابوو.

**تێبینی:** لە کاتی خۆیدا نادر شا کەرکووکی داگیر کردووە، لێی ئەگێڕنەوە کە سوێندی خواردووە هەر کەسێ دەس لە تەزبیحەکەی، یا شمشێرەکەی، یان تەختەکەی ژێری بدات بدا لە ملی، ئەشڵێن کەوا لە کۆتاییی ژیانیدا لە سەر دەستی شێخ ئیسماعیلی ولیانی تۆبەی وەرگرتووە.

**تێبینی:** لەلای هەندێ کەس باوە کە دوانزە سوارەی مەریوان هەر دوانزەیان کوڕی شێخ ئیسماعیل بوونە، ئەم قسەیەم چۆن بیستبوو ئاوەهام گێڕایەوە، ئەوی تری ئەکەوێتە ئەستۆی مێژوونووسەکان.

خۆم کرد بە شەقامەکەی ئەودیودا، هەموو پشتاوپشت هەنگاو ئەنێن، کە ئەگەنە عاستم سەیرێکی کۆڵەکەی سەر پشتم ئەکەن، لە دڵیاندام کە ئەیانەوێ بڵێن بەچەن، بەڵام کە چاو ئەبڕنە چاوم گەلێ شتیان بۆ دەرئەکەوێ، ئیتر مۆڵەتی وەستانیان نامێنێ، تیژتێپەڕ بە جێم ئەهێڵن.

لە ناوەڕاستی بازاڕ گوێم هەڵخست: "بە چەن بە چەن، بە چەن" کڕیار و فرۆشیار هەر ئەڵێن بە چەن. من ناڵێم لە یەک جیاکردنەوەیان کارێکی ستەمە؟

٣

بە بۆنەی ڕۆژی ساڵی تازەوە، شار رازاوەتەوە، لافیتەکان خراونەتەوە روو، بە چوار دەورمدا ئەشەکێنەوە، تاریکی شوێن پێیەکانیانی هەڵمژی، دڕی پێیان دا هەگبەکەم دایەوە بە شانمدا، وەکو کابرا پێمی وتبوو کەوتمە گڕ بە شەقامەکاندا، دەستم کردە سڕینەوە و گۆڕین، چەندم هەڵکێشا ئەوەندەشم چاند، مانگ تۆێژی هەورەکەی زاخاو ئەدا، رووی ئەستێرەکانی ئاوپەرژێن ئەکرد، خزەی هەناسەم ئەوەندە جیاوازی نەبوو لەگەڵ قرمەی تەرزەرێژەکەی چوار دەورمدا، لە هەڵدێرەکەدا خۆم گرتەوە.

ناوت چییە؟

"باوکم لە سەرەمەرگدا وتی جوامێر رۆڵە تۆ رێگەی من مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تازە ئەدۆزێتەوە بۆ ژیان و مردنی خۆی! ئیتر دەنگە نەرمەکەی لە پرمەی گریاندا توایەوە".

**تێبینی:** بۆ ئەوەی هەموو شتێکتان لا روون بێتەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە دایکم چەند

جارێک بۆمی گێڕاوەتەوە کە لە پاش ئەوەی حەوتەم چوو مەلا حەمەئەمین بانگی بە گوێمدا داوە و ناومی ناوە "قەتمیر" ئەمیش ناوی سەگەکەی "اصحاب الکهف" بوو، کە بە درێژاییی خەوە خۆشەکەیان لەودیو دەرگای ئەشکەوتەکەوە پاسەوانی بۆ کردوون، پاش چەند ساڵێک بە زۆرەملێی کاکم ناومیان گۆڕیوە.

**تێبینی:** تاوەکو ئێستاش ساغ نەبووەتەوە کە ژمارەی ئەمانە چەندە، هەندێک ئەڵێن بە سەگەکەیانەوە شەشن، ئەوانی تر ئەڵێن حەوتن، ئەوەی شایانی باسە کە سوڵتان "القاضی الفاضل السجستانی" کە زانایەکی ناوداری رۆژی خۆی بووە و زانیاری ئاسمان و زەوی لە سینگدا بووە، لە نووسراوە ناسراوەکەیدا هەر دوودڵی پیشان داوە لەم بارەیەوە. بەڵام لەو بڕوایەدام کە سۆراخی ئەم دواییەی پسپۆرەکانمان ئەم راستییەمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە و ئێمەش دڵمان ئاو ئەخواتەوە.

ناوت چییە؟

نەڕاندیان بەسەرمدا.

جوامێر!

ناوی باوکت؟

" پاش مردنی بە چەند ساڵێک باوکمم ناسی، ئەو کاتە منداڵ بووم نەمئەزانی کە دوا وتەکەی ئامۆژگارییەکی دوو توێ بوو ئەمتوانی کەڵک لە دیوێکی وەرگرم لەوساوە کەوتمە لێکدانەوەی ئەمسەر و ئەوسەری هەنگاوەکانم".

ناوی باوکت؟

" ئەمانە بەم زووە دەست لە یەخەم بەرنادەن، چاتر وایە بە تەواوی خۆمیان پێ بناسێنم" پسووڵەیەکم دایە دەستیانەوە "لە ساڵی" لە دایک بووە لە ٢١- ٣ بە بۆنی لاستیکە سووتاو کەوتووە.

لەوساوە هەموو ساڵێک بەر شەوارەی گڕ ئەکەوێت.

باوکی لە شەڕی ئاوباریکدا پێکراوە.

لە رۆژی قاتوقڕییەکەوە بە پاسەپۆرتێکی دەستکردەوە هاتووەتە شارەوە.

ئەڵێ دەنگم زۆر خۆشە، بەڵام هێشتا کەس گوێی لە بەستەیەکی نەبووە.

جارێکی کە بە تاوانی پێوەندیکردنی.

**تێبینی:** بۆ ئەوەی ئێوەش پێم نەڵێن راستی خۆیمان لێ ئەشارێتەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە من هیچ تاوانێکم لەو کابرایە نەدیوە، هەر لە دوورەوە ناویم بیستبوو، ئەو رۆژەی کە

شــانۆ چۆڵەكــەم بە جێ هێــشت، هـەســتـم بە وێڵی و ئاوارەیی ئەكــرد، لە نـاوەڕاســتی شەقامەكەدا، بەرەو رووم هات، ناسینەوەی شتێكی گران نەبوو، زۆر شكست وشپرزە هاتە بەرچاوم، نێزەكەی دەستی بۆ لای چەپی خۆی درێژ كرد و وتی "ئەم شەقامە بگرە، ئەگەیتە هاوڕێكانت".

هەر كە كەوتمە رێ چوار دەورم گیرا و بازنگیان بۆ مەچەكم كرد.

ئەمە هەموو تاوانێكی من و ئەو كابرایە بوو، ئێوەش بۆتان هەیە لەم رووەوە شتێك بڵێن.

هەر كەسێكیان سەریان كرد بەیەكدا، كەف كەوتە سەر لێویان بەڵغی رق ناو دەمیانی سواق دا، لە دڵیاندا بووم كە ئەیانوت " لە كڕین نایەت" وتیان شارەكەمان دەریایە.

وتم دەریایەكی تینووە.

وتیان: پاشا نەخشەیەكی نوێی بۆ ئەكێشێ.

**تێبینی:** لە دەرەوە دەنگی منداڵ بەرزەوە بوو:

منداڵی گەڕەك سەربنە خەڕەك. وەرنە دەرێ بۆ شەڕە گەڕەك.

وتم: لە وێنەی نەخشەكەی باوكم.

وتیان رووی مێژوویان ئەگۆڕێ.

وتم: مێژوو باوەشێك باوبژە.

وتیان: گڕ بەر ئەداتە ئەم چەو و چێڵە.

**تێبینی:** لەم كاتەدا هەورە برووسكە جار جار ژووركەی رۆشن ئەكردەوە.

وتم: بەر شەوارەی گڕی خۆمی ئەخەم.

وتیان: بەهار نزیكە.

**تێبینی:** هەموو بەیەك دەنگ هاواریان لێ هەڵسا:

بە خەنجەرێ.

منداڵی گەڕەك وەرنە دەرێ پاشا كوژرا.

وتم: نزیكە.

## سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو

### هەنگاوی دووەم:

ئەمڕۆ رۆژی لە دایكبوونێكی نوێمە، خۆم گورجەوە كردەوە بۆ ژیانێكی نوێ. ئەتوانم بە تەواوی رووداوەكــانی دوێنێم بهــێنمــەوە پێش چاو. تیــشكی دەروونم هــەمــوو هــەنگاوە

چەوتەکانی پێشوومی هەڵمژی. سەرانسەر ژیانی دوێنێم هەڵەیەکی گەورە بوو. تەکانێکم دایە خۆم و لەسەر جێگەکەم راست بوومەوە رووی قسەم کردە ئەو کچە بەرگ سپییەی کە بەرامبەرم راوەستابوو، بە چاوێکی پڕ لە ترس و بەزییەوە بۆی ئەنواڕیم:

– ئێمە هاین لە کوێ؟

– لە نەخۆشخانە!

– تۆش نەخۆشی؟

– نەخێر چاودێریکردنی ئێوەم پێ سپێرراوە.

بێدەنگی باڵی کێشا بەسەرمدا، لە دڵی خۆمدا، هاوردم و بردم: «ئەمە یەکەم جارم نییە ئەخرێمە ژێر چاودێرییەوە. کە بە پێچەوانەی ئارەزووی نەخشەی ژیانم ئەکێشن، بەڵام جارە خۆم نادەمە دەستەوە، کاتی ئەوەم هاتووە کە خۆمیان پێ بناسێنم».

کە سەرم هەڵبڕی چاوم چەقییە درزی دەرگاکەی بەرامبەرم کە پەردەیەکی رەشی پێدا هاتبوو، تەزوویەک بەلەشمدا هات. لچێکم لێ هەڵقورتاند:

«ئەوەش بۆ هەنگاوی دووەم. من جارێ ئەمی تریانم مەبەستە».

ئاوڕم دایەوە بۆ لای راستی خۆم:

– ئەی ئەمانە کێن لەلامەوە درێژ بوونە؟

– ئەمانیش وەک تۆ نەخۆشن.

پیاوەکەی تەنیشتم دایە قاقای پێکەنین و هەڵسایە سەر چۆک:

– براله! ئێمە بەستەیەکی بێ لەنگەر و کێشین بە فەرمانی خۆمان خراینە ژێر چاودێریی پزیشکەوە

رووی قسەم کردەوە کچەکە:

– باشە پزیشک خۆی لە کوێیە؟

– ژوورەکەی لەودیو ئەو دەرگایەوەیە.

– ئەی بۆچی دەرناکەوێ؟

– لە کاتی خۆیدا دەرئەکەوێ.

هەردووکمان دامان لە تریقەی پێکەنین، کچەکە تاس بردییەوە، ترس رژایە چاوەکانیەوە، گومانی لەوەدا نەما کە پزیشک باشمانی ناسیوە، لەگەڵ چرکەی کاتژمێرەکەی بەرامبەریدا دڵی لێی ئەدا، چاوێکی هەر لە دەرگاکە بوو.

**هەنگاوی یەکەم:**

کاتێک کە دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخست گوێم لە دەنگی دایکم بوو وتی: «ڕۆڵە چەترەکەیشت دڕاوە، باران تەڕت ئەکات. بۆ تانەی خەڵکی ئەهێنیتە سەرماندا چەترێکی ترت هەر نەکڕی».

سەرێکم بادا و وتم: دایکم نازانێ کە ئەو خێوەتە ڕەشە ئیمڕۆ لای ئێمە بایەخی نەماوە، باران شتێک نییە کە لێی بترسین. خۆ زستان تۆفی خۆی هەر ئەڕێژێ، بەڵام ئەم پیرێژنانە خۆیان ناگرن قسە نەکەن. ئەیانەوێ لە سنووری هەنگاوەکانی ئەوان دەرنەچین.

لە ڕقاندا چەترەکەم تۆپەڵە کرد و بەلای چەپمدا شۆڕم کردە خوارەوە، لە دەرەوە باران ڕەهێڵەی ئەکرد لە دڵی خۆمدا وتم: «دیارە ڕاستە حەوزی باران لەبن نایەت»:

ئاو لەسەر شەقامەکان لێزمەی بەستبوو، گوێسەبانەکان قوڕاوی سووریان هەڵئەهێنایەوە. بڵقی ئاو وەکو خلخلۆکەی منداڵ ئەسووڕایەوە. وەکو گومەزی مزگەوت وابوون کە بە داوی باران بەسترابوون بە توێژی ئەو هەورە ترشەوە کە تیشکی خۆری تاساندبوو. چەخماخەیەک ڕووی هەورەکەی ڕنی و دای لە زایەڵە، ئەو قسەی مەلا شەریفم کەوتەوە بیر کە جارێکیان بۆ باوکمی باس ئەکرد کە گوایە هەوریش بە قەمچی ئەسووڕێ!.

لەو کاتەدا پڕ بە دڵ بەزەییم بە هەوردا ئەهاتەوە، کتوپڕ وێنەی قەمچییە ڕەشەکەی باپیرە گەورەمم هاتەوە بەرچاو کە لە ژوور سەری باوکمەوە هەڵواسراوە. دیمەنی بڵقی ئاو هەموو سەرنجمی ڕاکێشابوو کە زووتر لە کەف و کوڵی هەویری ترشاو ئەچوون، هەرچۆنێک هەنگاوم ئەنا هەر ئەوانی بە ناخی زەویدا ئەبردە خوارەوە، کەچی لە تەواوبوونیش نەئەهاتن، بە تەنیا پێم قەلاچو نەئەکران بزەیەک کەوتە سەر لێوم: «ئێستا هەورەکە هەر ترشە بۆیە ئەمانیش لەسەر پێنج پێ سەمای بۆ ئەکەن».

سەرێکم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان تاکو بزانم چەندی پێوە ماوە، دڵۆپە بارانێک خۆی کوتایە زارمەوە، لێسامەوە، چونکە لە مێژەوە لە نووسراوێکی کۆندا خوێندبوومەوە کە باراناو بۆ گەلێ نەخۆشی باشە، منیش نەخۆشییەکی خراپم لەگەڵا بوو، بەڵام نەمئەزانی ئەم قسەیە ڕاستە، یان ئەوەی کە مامۆستا لە قوتابخانە بۆمانی باس کردبوو دەربارەی باراناو.

بازاڕی شارەکە خامۆش بوو، تاکوتەرا خەڵکی سەری لە ماڵ هێنابووە دەرەوە، گەلێک لەوانەش لە ترسی باران خۆیان خزاندبووە چایخانەکانەوە، لە ناوەڕاستی شەقامەکە هەر خۆمم بەدی ئەکرد. جوێنێکی پیسم بۆ هات لە زەلامێکەوە کە لەسەر شۆستەکە خۆی

ئالاندبوو لە سیپالێکی ئەستورەوە، دوابەدوای ئەو گفتوگۆیەم، بەربای گوێ کەوت:

– لەوە ناچێ کە ئەمیش لەوان بێت. لە شێتییەوە نزیکترە.

– لەوانە، بەڵام راستی خۆی بەم وشکە شێتییەوە ئەشارێتەوە.

وتووێژی دوو پاڵەوانی ئەو چیرۆکەم کەوتەوە یاد کە دوێنێ شەو خوێندبوومەوە:

– پێ لە راستی خۆت بنێ».

– «من راستی خۆمم نەشاردووەتەوە، تۆش ئەیزانی».

– «تێ ناگەم».

– «تۆ چەوتی خۆت بخەرە روو ئەوەی کە مایەوە ئەبێتە وەڵامی پرسیارەکەت».

کە ئاورم دایەوە دوو بڵقی ئاو لە ژێر پێمدا دامرکانەوە، دووبارە کەوتمەوە رێ.

دەمەو ئێوارە هەورەکە رەوییەوە، رۆژ سووچێکی دەرکەوت، زەردەپەڕ تیشکی رژاندبووە سەر لاجانگی شارەکەم، ئەوەندە گەڕابووم لە پەل کەوتبووم. ئەوەندە چاوم گێڕابوو خوێن تێی زابوو، ئەتوت برا کوڵەووژی تێ چەقیوە، هەرکەسێکم ئەدی شێوەیانم نەئەکردەوە. کەس لە بەرگی خۆیدا نەبوو. هەر لە بڵقی ئاو ئەچوون شارەکەم لەلا بڵقێکی گەورە بوو، سەیرێکی خۆم کرد ئاو چۆڕەی لێمەوە ئەهات، تیشکی زەردە ئەو تینەی نەبوو هەڵی مژی، کەینوبەینێکم لەگەڵ خۆمدا کرد: «سیپاڵەکانم تاساندوومیەتی.. خوێنی لە لەشمدا مەیاندووە، تاکو ناتوانم هەنگاوێکی کە بنێم.

با بیئاخنمە ئەو شارە زەردەواڵەیەوە کە خەریکی کلۆرکردنی بەردە ئاشەکەیە».

کە شەو داهات تروسکەی چراکانی سەر کۆڵان لە کۆڕی تاریکیدا چاویان زیت کردبووەوە. شەپۆلە کزەکانیان توێژێکی تاریکیان ئەلێسایەوە. دیمەنی سێبەری خۆمم کەوتە پێش چاو کە دەمێک بە ئاوساوی پێشم ئەکەوت، دەمێک ئەکەوتە پشتمەوە، کە ئەچوومە ژێر چراکەوە رێک لەگەڵ لەشمدا جووت ئەبوو.

تاوەکو ئێستە چۆن ئەم سەرنجەم لە خۆم نەداوە؟!

شەقامەکانم هەموو لە ژێر پێمدا گلۆڵە کرد، سێبەرەکەم لەگەڵ لەشمدا جووت ئەبوو.

لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکانەوە خەڵکی قاقا پێم پێ ئەکەنین سەریان لە دیمەنی سەیر و شپرزەییم سوڕمابوو، یەکێک لە بەرزەوە قیڕاندی:

ئەو شێتە بۆچی بەرەڵا کراوە؟ خۆ شار بێ خاوەن نییە؟

***

لەودیو دەرگاکەی ماڵمانەوە چاوم چەقییە هەردوو چاوی باوکمدا کە وەک دوو گۆمی

سوور بنیان نابووەوە بەسەر چاومدا، بە تەواوی شەو هێلانەی تێیاندا کردبوو. لێلاییەک هات بەسەر چاومدا بە گورجی بەرەو دوا گەڕامەوە، دەستم کردەوە راکردن.
لە دەرەوە سێ شتم هاتەوە یاد:
١- چەترەکەم لەم مزگەوتەدا جێ هێشتبوو کە پرسەی مەلا شەریفی لێ دانرابوو.
٢- ئەو کچەی کە ئەو رۆژە پەیمانم لەگەڵیدا هەبوو چاوم پێ نەکەوت، چونکە لەسەر شانۆ دەورێکی گرینگی پێ سپێردرابوو.
٣- قەنەکەی باوکم کە بڕیار وا بوو بۆی بەرم بۆ چایخانە لە قوڵی مشتمدا ورد بووبوو.

**هەنگاوی سێیەم:**

- شێتی یەکەم-

تاکەی سەیری دەمی یەکتر بکەین؟

چاوەڕوانی وەک نەهەنگێک شیلەی تەمەنمان ئەمژێ. قوڵپی رۆشنایی لە چاوماندا ئەچنێ. دەروونم تەوژمی هاوردووەتە سەرم کە بکەومە خۆم.

- شێتی دووەم -

لێرەدا هیچ شتێک لە جێی خۆیدا نییە.

سەیری هەر لایەک ئەکەم شوێن دەستی نەزانی و وێڵی پێوە دیارە، من ئێستا ژوورەکەمان بە شێوەیەکی کە ئەڕازێنمەوە. بە جۆرێک کە بگونجێ لەگەڵ ئارەزووماندا، بەڵام با جارێ ئەو بەکر مەرگەوەڕە لە حەپە بخەم ئەمجا بە هەردوو لەپی پەنجەرەکانی دا بەیەکا و دەرگاکەی داخست، دیمەنی ژوورەکە بە تەواوی گۆڕا.

تەزوویەکی فێنک بە لەشی کچەکە داهات کە گوێی لە چرکەی کاتژمێرەکە بڕا. رۆژژمێرەکەی دەستی بەربووە خوارەوە، خوێن رژایە کوڵمەکانییەوە. شەبەق لە ناو چاوی هەڵهات. لێوی خۆی کرۆشت: «لە مێژەوە بۆم دەرکەوتووە کە ئەم دەورەی پێم سپێردرابوو لە رێکی مندا نەبوو.

ئەوەی کە لەمەودوا پێی هەڵئەسم دەوری راستەقینەمە، بزەیەکی گەش کەوتە سەر لێوی و بە ئەسپایی. لە نێوان هەردووکیاندا خۆی راکشان، کاتێک کە رۆشنایی دەرکەوت دانیشتووان دەنگیان لێ بەرزبووەوە گەلێکیان زوو هۆڵەکەیان بەجێ هێشتبوو، ئەوانەی کەوا مابوونەوە هەندێکیان باوێشکیان ئەدا، ئەوانی تریش لەبەر خۆیانەوە ئەیانوت:
«من وا چاوەڕوان نەبووم».

٣- ٩- ١٩٧٠